# گوزارشی خۆپیێشاندانی جەماوری کورد بە بۆنەی یادی کارەساتەکەی هەڵەبجە لە فینلاند

رۆژی چوارشەمە ریکەوتی 16.03.2005 خۆپیێشاندانێک لە بەر پێش پارلومانی فینلاند لە شاری هێلسینکی بۆ رێز گرتن لە یادی هەڤدەهەمین سالرۆژی کارەساتە دڵ تەزێنەکەی هەڵەبجە سازدرا. ئەم خۆ پێشاندانە لە سەر بانگەوازی کومیتەی هاوکاری حیزبە سیاسیە کوردستانیەکان* لە فینلاندا لە کات ژومێری 12.00 نیوەرۆ بەرێوەچوو. لەم خۆپیێشاندانەدا زیاتر لە 200 کەس لە کوردەکانی دانیشتووی فینلاند بە ژن و پیاو و منداڵ و پیرەمێردەوە بەشدرایان کرد. لە پێشدا هەیئەتێکی سێ کەسی بە نوێنەرایەتی خۆپیێشاندەرانی ئامادەبوو داواکارییەکانی خەڵکەکەیان پێشکەشی پارلەمانی فینلاندیان کرد کە بریتی بوون لەم خواستانەی خوارەوە:

1. دەنگتان بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە و خانەوادە و کەسوکاری قوبانیانی هەڵەبجە و هەموو کەم ئەندامانی دەستی ئەم کیمیاباران کردنە و نەتەوەی کورد بۆ دادگایی کردنی ئەنجام دەرانی ئەم تاوەنە گەورەیە لە شاری هەڵەبجە تا لەویدا و بە بەر چاوی خەڵکەوە سزای یاساییانەی خۆیان وەربگرن .

2 . داوا لە پەرلەمان و حکومەتەکەتان دەکەین کار بۆ گەیاندنی ئەم تراژیدیایە بە یەکێتی ئەوروپا بکەن و وا بکەن کە بکرێ بە رۆژێکی جیهانی و بخرێتە ریزی کارەساتەکانی هێرۆشیما و ناکازاکی و هەمو ساڵێک یاد بکرێتەوە .

3 . داوا لە حکومەت و پەرلەمانی فینلەندا و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین کە وەکو زۆر لە کاربەدەست و پەرلەمەنتارانی وڵاتانی تر ئێوەش سەردانی شاری هەڵبجە بکەن تا لە نزیکەوە چاوتان بەو شارە و گلکۆی شەهیدانی ئەو شارە بکەوێت .

4 . داواتان لێ دەکەین کە هاوکاری گەلی کورد بکەن و رێگربن لە بەردەم دوبارە بونەوەی ئەم کارەساتە لە جێگایەکی گۆی ئەم زەمینە

5 . داواتان لێ دەکەین کە هاوکاری و کۆمەکمان بکەن بۆ لە نوێ دروست کردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی ئەم شارە کیمیا باران کراوە .

6 .داواتان لێ دەکەین کە پشتیوانمان بن لە چەسپاندنی سیستەمی فیدرالی لە کوردستان ، کە دەبێ بە فاکتەرێکی بە هێز بۆ چەسپاندنی دیمکراسی و ئازادی و یەکسانی لە وڵاتەکەماندا .

لەهەمان کاتدا پەیامی هاوبەشی کومیتەی هاوکاری هێزە سیاسیە کوردستانیەکان خوێندرایەوە و چەند کەسێک لە کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجە و ئامادەبووان بیرەوەرییەکانی خۆیانیان سەبارەت بە رووداوەکانی هەڵەبجە باس کرد. بانگەواز و بەیانییەی کومیتەی هاوکاری هێزە کوردستانییەکان بۆ رای گشتی جیهانی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و خەڵکانی فینلاندی بە زمانی کوردی و فینلاندی لە ناو بەشداربووان و رێبوارانی فینلاندی لە سەر شەقامەکان بڵاو بۆوە. پاشان نوێنەرێک لە پارلەمانی فینلاند بە ناوی ( Dr. Kimmo Kiljunen) ئەندامی پارلومانی فینلاند کە هەروەها ئەندامی فراکسیۆنی سۆسیال دێمۆکراتەکانیش بوو، هاتە ناو خەڵکەکەو لەقسەوباسێکدا لەسەر داخوازییەکانی خۆپیێشاندەرەکان پشتیوانی خۆیانی لە سەر داخوازییەکان دەربری. ناوبراو پشتیوانی خۆیانی لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد دەربری و سیاسەتی بێدەنگی زل هێزەکانی جیهانی لەسەردەمی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال دا، مەحکوم کرد هەروەها گشت کۆمەڵگای جیهانی و میدیاکانیشی تاوانبار کرد. پێویستە ئاماژە بە ئەوەش بکەین کە پارلومانتارەکەی فینلاندی رەزامەندی و خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بە یەکگرتوویی کوردەکان و کومیتەی هاوبەشی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی کە بە

شێوەیەکی هاوبەش داخوازییەکانیان تەقدیم کردبوو، دەربری. شایانی باسە ڕێکخراوی کۆمەڵە لە فینلاند کە یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کوردستانی بوو چالاکانە لە ئامادەکردنی مەراسیمەکە و خۆپێشاندانەکەدا بەشداری کردبوو. بە بۆنەی ساڵرۆژی کارەساتی هەڵەبجە پەیامی کومیتەی کۆمەڵە لە فینلاند لە نێو خەڵکدا بڵاو کرایەوە. لەم پەیامەدا وێرای دەربرینی خەم و پەژارە و گیانی هاوپشتی و هاوخەمی لە گەل خەڵکی هەڵەبجە، ئاماژە بە شەهیدانی هەرگیز لە یاد نەچووی گوردانی شوانی کۆمەڵەش کرابوو کە لە کیمیابارانەکەی هەڵەبجەدا گیانیان بەخت کرد.

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران–کومیتەی فینلاند

16.03.2005

* کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیە کوردستانیەکان

پارتی دیمکراتی کوردستانی عێراق
یەکیتی نیشتیمانی کوردستان
کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەکێشانی کوردستانی ئێران
حیزبی دیمکراتی کوردستانی ئێران
حیزبی شیویعی کوردستانی عێراق
یەکێتی دیمکراتی پارتی کوردی سوریا